# ریفەراندۆم و ئەو فاکتەرانەی بۆ ئەم پرۆسەیە دەدوێن

**شاخەوان شۆڕش**
2003.7.20

بانگاشەی گونجاویی ریفەراندۆم لەم سات و کاتەی ئەمڕۆی کوردستاندا، دەکرێ دەمەتەقێی زۆری لەسەربکرێ و لایەنگرو دژ لەمبارەیەوە هەبن. پێمواپە دەکرێ بگوترێ بواری گونجاو بۆ سازدانی ریفەڕاندۆمێك کەتیایدا خەڵکی کوردستان بتوانن چارەنووسی خۆیان دیاربکەن، لەئارادایە. ئەم فاکتەرانەی کە دەتوانن پشتگیری ئەم گونجاویە بکەن و لەم بارودۆخەی ئێستای کوردستاندا خۆیان دەخەنەڕوو زۆرن، لەنێویاندا:

1. ئەمەریکا بانگاشەی دیموکراتیزەکردنی عێراق دەکات و زۆر جەختیش لەسەر سەرکەوتنی هەوڵەکەی دەکاتەوە. سەرکەوتن بۆ ئەمەریکا لەم ئەرکە سەختەیدا گرنگە، چونکە یەکەم، سەرکەوتووبوونی ئەمەریکا لەدروستکردنی عێراقێکی دیموکراسی و پلورال، سەرکەوتنێکی رامیاریی گرنگە بۆ پۆلیتیکی دەرەوەی ئەمەریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا. دووەم، سەرکەوتنی هەنگاوی یەکەم و سەرەکییە بۆ دیموکراتیزەکردنی ناوچەکەو وڵاتانی دیکەی ئیسلامی، چونکە ئەمەریکا پێیوایە لەرێگای دیموکراتیزەکردنی ناوچەکەو وڵاتانیتری ئیسلام، هەڕەشەو مەترسی لەسەر ئاسایشی ناوچەکەو جیهان، بەمجۆرە بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی ئەمەریکاو رۆژئاوا کەم دەبێتەوە یا نامێنن. دیارە هەڕەشەکانی ئەمڕۆ بەشێکی گرنگیان تیرۆریزمی ئەنتەرناسیونالن و چاوگەکەیان ئیسلامیستەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستن. وەك گوتمان ئەمەریکا هەوڵی دیموکراتیزەکردنی عێراق و ناوچەکە دەدات، دیارە لەچوارچێوەی سیستەمی دیموکراسیانەدا بیرو هەڵوێستی خەڵك قورسایی زۆری لەبڕیارەکانی پەیوەستدار بەخۆیانەوە هەیە، ئەمە بەتایبەتی گەر بابەتێك بەچارەنووسی خەڵکەکەوە بەند بێت یا بەواتایەکی دیکە بڕیارێك بەبەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانی خەڵکەکەوە بەند بێت. بۆیە سیستەمی دیموکراسی نەك هەر دژی رۆڵی خەڵك لەبڕیاردان نییە یا دژی بڕیاری خەڵك سەبارەت بەچارەنووسی خۆیان لەچوارچێوەی ریفەراندۆمێکدا نییە، بەڵکو رۆڵی خەڵك لەبڕیاردان بڕبڕەی پشتی دیموکراسیەتەو ئاستی بەرزی و نزمی بەشداری خەڵك لەبڕیارەکاندا، ئاستی بەرزی و نزمی دەسەڵاتی خەڵك و هەروەها ئاستی بەرزی و نزمی بوونی دیموکراسیەت لەوڵاتێکدا دیاردەکەن. بۆیە لەچوارچێوەی سیستەمی دیموکراسیانەدا خەڵك مافی تەواویان لەبڕیاردان و بەهەمان شێوە دیارکردنی چارەنووسیاندا هەیە. بۆنموونە خەڵکی دورگەکانی فارۆ کەسەربە وڵاتی دانیمارکن کە وڵاتێکی دیموکراسییە، مافی تەواویان هەیە لەوەی کە ئایا ئارەزووی مانەوە لەگەڵ دانیمارك دەکەن یا نا، دیارە دورگەکانی فارۆ بەسەدان ساڵە لەژێر دەستی دانیمارکدان و هەرگیز وڵاتێکی سەربەخۆ نەبووین. جیانەبوونەوەی فارۆ لەدانیمارك هۆکەی کێشەی ئابوورییەو ئەوان دەیانەوێ دوای جیابوونەوەیان، دانیمارك بۆ ماوەی بیست ساڵ یارمەتی داراییان بدات، کەچی دانیمارك تەنها چوار

ساڵ ئامادەی پارمەتیدانیانە. بۆیەش ئەوان لایان چاکترە جارێ لەگەڵ دانیمارك بمێننەوە. لەبیرمان نەچێ خەڵکی فارۆ بەسەر چەندین پارتی رامیاریدا دابەش بوون و هەموویان لەگەڵ جیابوونەوەدانین, ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگی ململانێیەکی دیموکراسیانەیە لەنێو پارتە رامیارەکانی دورگەکانی فارۆدا.

2. بارودۆخی دوای روخانی بەعس بارودۆخێکی وای هێناوەتە ئاراوە لەم بارودۆخە دەچێ کەلە سەرەتای بیستەکاندا عێراقی تێدا دروست بوو. دیارە داڕشتنەوەی سەرلەنوێی ستاتی عێراق بەگەرمی لەئارادایەو مشتوومڕ لەسەر گونجاوی یا نەگونجاوی پێکهاتەی ئێتنی و ئایینی خەڵکی عێراق بەگەرمی لەئارادایە. بەهەمان شێوە ناڕەوایی یا ڕەوایی لکاندنەوەی باشووری کوردستان بەعێراقەوە کەوتۆتەوە ناو باس و پرسیاری بەرمبەر دادەنرێت. دیارە تاقیکردنەوەی دروستکردنی عێراق و بەزۆر لکاندنی باشووری کوردستان پێیەوە, بەهیچ جۆرێ سەرکەوتوو نەبوو و بۆ کوردی ئەم بەشە کارەسات بوو. عێراق لەوەتەی دروستکراوە ئارامی بەخۆیەوە نەدیووەو ئەگەری ئارامیش لەناویدا بەناچارکردنی ناسیۆن و گروپە ئێتنیەکان بەیەکەیەکی رامیاری دوور لەخواست و وویستیان نایەتەدی. بۆیە ئەگەر ئەمەریکا رەچاوی ئارامی و ئاسایش لە عێراقدا دەکات, ئەوا دەبێ رەچاوی خواست و وویستی نەتەوەو گروپە ئێتنیە جیاجیاکان, بەتایبەتی کورد بکات.

3. کێشەی کورد لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا گەورەترین کێشەیە کەبێ چارەسەر ماوەتەوەو لەلایەن وڵاتانی زلهێزی جیهان و نەتەوەیەکگرتووەکانەوە تائێستا پشتگوێ خراوە, دەسەڵاتدارانی جیهان جا چ وەك وڵات یا رێکخراوە جیهانیەکان ناتوانن چیتر خویان لەئاست ئەم کێشەیە گێلکەن, گەر بیر لەئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە بکەنەوە, چونکە بەهۆی دابەشکردنی کوردستان و پشتگوێخستنی چارەسەرێکی گونجاو, ئەم ناوچەیە هەرگیز ئارامی بەخۆیەوە نەدیووەو نابینێ, گەر ئەوان هەمان رێگای پێشوو بگرنەبەر. چاکترین و پەسندترین رێگاش بۆ چارەسەر گرتنەبەری رێگاچارە دیموکراسیەکانە کەئەوان خۆیان هەواداری چارەسەری دیموکراسیانەن. دیارە بارودۆخی ئێستای عێراق ئەم هەڵەی رەخساندوە, کەوا یەکەم هەنگاوی گرنگ و گونجاو لەباشووری کوردستانەوە دەست پێبکات, واتە رێگا بەخەڵکی کوردستان بەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بدەن. دیارە ئەوان بەم هەنگاوەیان ناچاردەبن بەپۆلیتیکی خۆیان بەرامبەر بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بچنەوەو هەندێ نۆرم و یاسای کۆنبووی ئەنتەرناسیونالی پەیوەستدار بەسەرداری ستاتەوە پێ لێبنێن. ئەمە ئەگەر ئەوان مەبەستیان چارەسەری دیموکراسیانەیەو دەیانەوێ ئاسایش لەناوچەکەدا سەقامگیربێت.

4. لەلایەك پەیوەندی نێوان تورکیا و ئەمەریکا گۆڕانی بەسەردا هاتووەو واپێناچێ ئەمەریکا هێندە بەتەنگ بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانی تورکیاوە بچێت, لەبەر هەڵوێستی خراپ و نایارمەتیدەری تورکیا لەجەنگی عێراق. ئەم پەرێشانییەی ئەمەریکا بەرامبەر بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی تورکیا پێشی جەنگی عێراق هەیبوو, واپێدەچێ گورانی بەسەردا هاتووە, رەنگە ئەمە وایکردبێت هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر بەکێشەی کورد گۆڕانێکی پۆزەتیڤانەی بەسەردا هاتبێت. لەلایەکیتر ئەمەریکا پۆزەتیڤانە سەیری

ڕۆڵی کورد لەکوردستانی بندەستی عێراقدا دەکات و کوردەکان بەهاوپەیمانی خۆی دەزانێت. دیارە ئەمەش لەئەنجامی ئەوەی کەدەسەڵاتی کوردی و خەڵکی کوردستان لایەنی ئەمەریکایان گرت و هاوکاری جەنگی ئۆپەراسیۆنی رزگاری عێراق بوون. هەروەها خەڵکی کوردستان پشتگیری و سوپاسگوزاری خۆیان رۆژانە بەئەمەریکا گەیاندووەو دەگەیەنن, ئەمەریکاییەکان ئەمە دەبینن و قورسایی بۆ دادەنێن. واتە دەکرێ ئەم بارودۆخە نوێیە وایکردبێت کەئەمەریکا بیەوێ و مەبەستی راستەقینەی لەچارەسەری کێشەی کورد بەگشتی هەبێت و رێگا لەبەردەم دروستبوونی ستاتێکی کوردان خۆشکات. لەکاتێکدا گەر ئەمەریکا بڕوا بەچارەسەری راستەقینەی کێشەی کورد بهێنێت, رەنگە ئەمەریکا سازدانی ریفەراندۆم بەگونجاوترین هەنگاو بزانێت. لەمبارەدا کات و ساتی سازدانی ئەم ریفەراندۆمە پەیوەستدار دەبێت بەهەڵسەنگاندنی ئەمەریکا سەبارەت بە کێشەکە. دیارە گەر ئەمەریکا مەبەستی بێت, ریفەراندۆمیش دەکرێت و ستاتی کوردانیش دادەمەزرێت (گەر خەڵك سەربەخۆیی پەسندکرد) و وڵاتەداگیرکەرەکانی کوردستان ناتوانن ببنە پێشگری. ئەمە جگەلەوەی رەنگە پشتگیریەکی بەرفراوانی جیهانی بەدەستبێنێت.

5. بەهۆی ئەوەی, لەلایەك چارەسەری دیموکراسیانە پشتگیریەکی سەرتاسەری جیهانی بەرفراوانی هەیە, لەلایەکی دیکە کێشەی کورد کێشەیەکی گەورەی رەوای چارەسەر نەکراوە, وە بەهۆی ناڕەوایی کەمتەرخەمی زلهێزەکانی جیهان لەئاست کێشەکەدا و هەبوونی تاوانکاری زۆر بەرامبەر بەکورد لەلایەن رژێمە داگیرکەرەکانەوە, وایکردووە کورد سۆزدارو لایەنگر لەنێو گەلانی وڵاتانی جیهاندا بەدەست بهێنێت, بۆیە مافی خەڵکی کوردستان لەریفەراندۆم واپێدەچێ پشتگیریەکی گەورە لەلایەن خەڵکی وڵاتانی جیهانەوە بەدەست بێنێت. بەواتایەکی دیکە چاوەڕواندەکرێ گەلێ لەرێکخراوە مرۆڤایەتیەکان و رامیاریەکانی جیهان, هەروەها پارتە رامیاریەکانی جیهان بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی ئامادەبن پشتگیری ئەم رێگاچارەیە بکەن. رەنگە ستاتیش هەبن ئامادەیی پشتیریکردن لەم رێگاچارەیە دەربڕن. بەکورتی رەوایەتی کێشەی کورد کەلەم دوو دەیەی دواییدا زیاترو بەرفراوانتر لەسەر ئاستی جیهانی ناسراوە, دەکرێ ببێتەهۆی بەدەستهێنانی پشتگیریەکی گەورەی خەڵکی وڵاتانی جیهان لەرێگاچارەیەکی دیموکراسیانە کەلەریفەراندۆمێکدا هەنگاوی بۆبنرێت. بەدەستهێنانی ئەم پشتگیریە پەیوەستدارە بەچۆنیەتی و گونجاویی گوزاشتکردن و گەیاندنی پەیامەکە بەجیهان.

6. پێویستی دروستبوونی ستاتی کوردستان لەناوچەکەدا. بەهۆی دابەشکردنێکی ناگونجاو و ناڕەوای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەر چەند ستاتێکی دەستکردی کۆلۆنیالیزم لەسەرەتاکانی سەدەی رابردوودا, ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوساوە ئارامی بەخۆیەوە نەدیووەو هەمیشە ناوچەیەکی پڕ لەهەراو ناکۆکی ناسیونالیستانە بووە, ئەم بارودۆخە نائارامەی ناوچەکە ناتوانرێ کۆتایی پێبهێنرێ بەبێ چارەسەرێکی بنەڕەتیانەی کێشەکانی ناوچەکە. دیارە چارەسەری گونجاو و رەوا بۆ کێشەی کورد دامەزراندنی ستاتی سەربەخۆی کوردستانە. دامەزراندنی ستاتی کوردستان جگەلەوەی چارەسەری گەورەترین و کۆنترین کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە, بوونی ئەم ستاتە پێویستیەکی گرنگە بۆ ڕاگرتنی

هاوکێشەی هێز لەناوچەکەدا. جا ئەم ستاتەی کوردستان بەرەو رۆژئاوا بێت یا نا, بوونی ئەم ستاتە پێویستەیکی گرنگە بۆ ڕاگرتنی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە. گومان لەوەدا نییە کێشەی کورد تەنها ئەو کاتە کێشەیەکی تەواو چارەسەرکراوە, گەر هەموو پارچەکانی کوردستان ئازادکران, جا ئەو کاتە یەك ستات یا چەند ستاتێکی کورد دروستدەبێ, ئەوە شتێکی دیکەیە. راستە ئەمە پرۆسەیەکی سەختەو جێبەجێکردنی ئاسان نییە, لەلایەك زلهێزەکانی جیهان بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی خۆیان بەرز رادەگرن و نایەنەوێ ئەم بەرژەوەندییە بخەنە مەترسیەوە, لەلایەکیتر وڵاتانی داگیرکەر هەموو هەوڵێك دژی ئەم پرۆسەیە دەخەنەگەڕ هەروەك پۆلیتیکی تائێستایان, بەڵام ناکۆکی و کارەساتەکانی بەدرێژایی مێژووی رابردووی ناوچەکە, پێویستی گۆڕانیان بەزەقی هێناوەتەپێش. هەبوونی ئەم بیرکردنەوەیە لەناو کەسایەتییە دەسەڵاتدارەکانی رۆژئاوا, بەڕاشکاوی دانی پێنەنراوە, بەڵام بەئەگەری زۆر دەکرێ هەبێت. دیارە مافدان بەبڕیاری چارەی خۆنووسین, هەنگاوێکی گونجاوی ئەم ئاراستەیەیە.

7. ئەمەریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و ڕاگرتنی ئاسایشی ناوچەکە پێویستی بەستاتێکی وەك کوردستان هەیە. ئەمەریکا جگە لە ئیسراییل کەهاوپەیمانی دێرینیەتی, ستاتێکی دیکەی وەك ئیسراییل دڵسۆز بۆ ئەمەریکا لەناوچەکەدا نییە. دیارە دوای نیوسەدە هاریکاریکردن و نازهەڵگرتنی ستاتی تورکیا لەلایەن ئەمەریکاوە, تورکیا لەگرنگترین ساتی پێویستدا پشتی لەئەمەریکا کرد, ئەمە ئەمەریکاییەکانی زۆر ئازاردا. هەڵوێستی خراپی تورکیا لەجەنگی رزگاری عێراق, ئەوەی سەلماند کەوا تورکیا ئەوە نییە ئەمەریکا بتوانێ لەهەموو بارودۆخێکدا پشتی پێببەستێت. بەئەگەری زۆر ستاتی سەربەخۆی کوردستان دەتوانێ ئەم کەلێنە بۆ ئەمەریکا پڕبکاتەوەو ببێتە هاوکارێکی بەهێزی ئەمەریکا لەناوچەکەدا. دیارە ئەمەریکاییەکان تاڕادەیەکی باش ئەم راستییەیان بۆ دەرکەوتووە, بۆیە دوور نییە, ئەم بیروبۆچوونە لەناو کەسانی باڵادەستی ئەمەریکادا هەبێت.

8. ناسیۆنی کورد بەبێ گوێدانە بارودۆخی ناوچەکەو جیهان, بەبێ گوێدانە بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی وڵاتانی داگیرکەر و جیهان, مافی سروشتی خۆیەتی کەستاتی سەربەخۆی هەبێت. بەرژەوەندی وڵاتانی داگیرکەر یا وڵاتانیتر لەوەدا نییە, بەرژەوەندی کوردیش لەودا نییە ژێردەست بێت یا ئازادیەکەی لەچوارچێوەی سنوری ستاتێکی سەپێندراودا سنورداربکرێت. بۆیە ناسیۆنی کورد چاکتروایە بەڕاشکاوی باس لەم مافەڕەوایەی خۆیان بکەن و لەسەر ئەم بنچینەیەش خەبات درێژە پێبدەن. دیارە بەهۆی ڕەگداکوتانی کەلتورێکی رامیاری زیاتر لە نیوسەدەی بێبەرهەمدا کە فەنۆمینەکانی حوکمی زاتی و خودموختاری و رێزگرتن لەیەکێتی خاکی ستاتە داگیرکەرەکان تێیدا گرنگن, پەسندکردنی ئەم بیرکردنەوەیە بۆ زۆر کەس ئاسان نییە, بەڵام ئەمەیە مافی سروشتی خەڵکی کوردستان. دیارە گەر سەرانی کورد داوای سەربەخۆییان بکردبوایە, هەڵوێستی ناسیۆنی کورد لەم بارودۆخەی ئەمرۆدا بۆ چارەسەری کێشەکەی لەچوارچێوەی ریفەراندۆمێکدا زۆر بەهێزتر و گونجاوتر دەبوو.

لەکۆتاییدا پێویستە بگوترێت بەدیهێنانی زۆربەی ئەم خاڵانەی سەرەوە بە بوونی سیستەمێکی دیموکراسیانە زیاتر گونجاون و رێیان وێدەچێت, دیارە ئێمە نازانین چ جۆرە سیستەمێکی دیموکراسی لەعێراقدا سەقامگیر دەبێت, بەڵام دەبێ لەبیرمان نەچێت کە دیموکراسیەت لێکدانەوەی جیاجیای لەلایەن وڵاتانەوە بۆ دەکرێت و لەراستیدا لەگەلێ وڵاتدا بەشێوەیێ لەشێوەکان بەبەرژەوەندی رامیاری و ناسیونالیستانەی ئەم وڵاتانە بەستراونەتەوە, بەشێوەیەکی دیکە ئەمە دەکەوێتەسەر ئەوەی هەر وڵاتێ دەیەوێ چۆنی "لێکبداتەوەو لێی تێبگا", بەمجۆرە لەبەر رۆشنایی تێگەشتنێکی تایبەت بۆ چەمکەکەو بەرژەوەندی رامیاری و ناسیونالیستانەی خۆیدا تا چەند ئامادەیە رێگا بە بەبەشداری خەڵك لەبڕیارەکاندا بدات. گەر سەیری سیستەمی دیموکراسیانە بەشێوە ئایدیالەکەی بکەین, ئەوا خەڵکی کوردستان مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینیان هەیەو گومانیش لەوەدا نییە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە, ئایا ئەمەریکا سنووری بەشداری خەڵك لەبڕیارە چارەنووس سازەکاندا لەکوێی ئەو دیموکراسیەتەی کە "خۆی" بۆ ناوچەکە بەڕەوای دەزانێ, دایدەنێ؟